## پەیڕەوی ژمار ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٣

لەبەر ڕۆشنایی ماددەی پێنجەم/ بڕگەی دووەم، لە پەیڕەوی ناوخۆی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم پەیڕەوەی:

## پەیڕەوی ژمار ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٣

## لیژنەی هەڵسەنگاندنی پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە و ماناکانی بەرامبەریان نوسراوە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:**

١) **لیژنەی هەڵسەنگاندن:** ئەو لیژنەیەیە کە لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە پێکدەهێندرێت ( بەپێی ئەو دەستەڵاتەی پێدراوە) ، بەمەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ ناوەڕۆك و لایەنی تەکنیکی ئەو پرۆژانەی لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومییە تۆمار کراوەکانەوە پێشکەشی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکرێت.

٢) **پرۆژەی ڕێکخراوەکان:** ئەو پرۆژانەن کەلەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییە تۆمارکراوەکان لەهەرێمی کوردستان پێشکەشی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکرێن.

٣) **ڕێکخراوە ناحکومییەکان:** ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە، کە بە پێی یاسایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١١ی تایبەت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکراون و خۆیان گونجاندووە لەگەڵ ئەم یاسایەدا.

**ماددەی دووەم: پێکهاتەی لیژنەی: لیژنە دووجۆر پێکهاتەی دەبێت.**

١. **پێکهاتەی لیژنەی یەکەم:** پێکدێت لە فەرمانبەرانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەسانی شارەزای دەرەوەی فەرمانگە و نوێنەری ڕێکخراوەکان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆژانەی بە پێی (**ستراتیژی پاڵپشتی دارایی پرۆژەی ڕێکخراوەکان**) خاڵی یەکەم، لەچوارچێوەی دەرفەت(قۆناغ) رادەگەیەندرێت.

٢. **پێکهاتەی لیژنەی دووەم:** فەرمانگە مافی پێکهێنانی لیژنەی ناوخۆیی هەیە، بۆ مەبەستی هەڵسانگاندنی ئەو پرۆژانەی لە( **ستراتیژی پاڵپشتی دارایی پرۆژەی ڕێکخراوەکان**) خاڵی دووەم تا خاڵی حەوتەم.

**ماددەی سێهەم: ئامانجەکانی لیژنە.**

١. هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆژانەی کە دەتوانن باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بەهاوڵاتیان بکەن.

٢. هاندانی ڕێکخراوەکان تا لە بواری تایبەت بەخۆیان پرۆژە پێشکەش بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەن.

٣. هەڵسەنگاندن بۆ ئەو پرۆژانەی خزمەت بەبەرەوپێشچوونی ڕەوش و کاری ڕێکخراوەیی دەکەن.

**ماددەی چواهەم: ئەرك و ماف و دەسەڵاتەکانی لیژنە.**

**بڕگەی یەکەم/ ئەرکەکانی لیژنە:**

١. پابەندبوون بە مادده و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بەلیژنەی هەڵسەنگاندن.

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Department of NGOs

اقليم كوردستان — العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية

٢. پابەندبوون بە ئەو فەتەرەیەی بۆ ئەندام بوونی لەو لیژنەیەدا دیاری ئەکرێت.

٣. دانانی بەرنامەی کار و پابەندبوون پێوەی.

٤. بێلایەنی لە هەڵسەنگاندن و پاراستنی شەفافیەت.

٥. هەماهەنگی و کارکردن بە یەك تیم.

٦. پابەندبوون بەو زانیارییانەی پێویستە بلاّو نەکرێنەوە تا کۆتایی پرۆسەکە.

٧. شیکردنەوەی روون لەبارەی پرۆژە پەسندکراو و پەسند نەکراوەکان.

٨. پێشکەش کردنی راپۆرتی کۆتایی هەڵسەنگاندن کە پشت ئەستور بێت بەداتا و خشتە و رونکردنەوە.

**برگەی دووەم/ مافەکانی ئەندامانی لیژنە:**

١. ئەندامبوونی خۆبەخشییە، لەبەرامبەر ئەنجامدانی سوپاس و پێزانینی پێدەبەخشرێت.

٢. پێداویستیەکانی لەلایەن فەرمانگەوە بۆ دەستەبەر ئەکرێت.

٣. دوای ئەوەی وادەی ئەندامبوونی تەواو دەبێت، ئەگەر وادەکەی بۆ نوێ بکرێتەوە مافی مانەوە یان رەتکردنەوەی هەیە.

**برگەی سێهەم/ دەسەلاّتەکانی لیژنەی هەڵسەنگاندن:**

١. بریاردەری یەکەم دەبن لە پەسندکردن و رەتکردنەوەی پرۆژە پێشکەش کراوەکان.

٢. دەسەلاّتی دانانی بەرنامەی کاری دەبێت کە بگونجێت لەگەڵ فەترەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان.

٣. دەسەلاّتی پێشکەشکردنی پێشنیاری گونجاوی هەیە لە پێناو باشتر بەرێوەچوونی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان.

٤. دەسەلاّتی تانەلێدان و رەخنە گرتنی هەیە.

**ماددەی پێنجەم: میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنە.**

**یەکەم/ هەڵبژاردنی لیژنەی یەکەم: سالاّنە بەپێی راگەیاندنی دەرفەت لەچوارچێوەی ( قۆناغ)دا هەڵدەبژێردرێت بەم شێوەیە:**

١. بلاّوکردنەوەی ئاگاداری و فۆرمی تایبەت لە رێگەی ماڵپەری فەرمی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان.

٢. هەڵبژاردنی ئەندامانی دەرەوەی فەرمانگە لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارەکان دەبێت.

**دووەم/ هەڵبژاردنی لیژنەی دووەم: لەکاتی پێویست بەفەرمانێك لەلایەن فەرمانگەوە پێکدەهێندرێت.**

**فازڵ عومەر رەشید**
**سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان**

١/٤/ ٢٠١٣